# هەرکەسێک بەڕۆژوو بێت وبە هۆی لە بیرچوونەوە بخوات یان بخواتەوە؛ ئەوا با ڕۆژووەکەی تەواو بکات (نەیشکێنێت)، ئەوە خوای گەورە خواردن وخواردنەوەی پێ بەخشیووە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«هەرکەسێک بەڕۆژوو بێت وبە هۆی لە بیرچوونەوە بخوات یان بخواتەوە؛ ئەوا با ڕۆژووەکەی تەواو بکات (نەیشکێنێت)، ئەوە خوای گەورە خواردن وخواردنەوەی پێ بەخشیووە».
[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە هەرکەسێك بەهۆی لەبیرچوونەوە بخوات یان بخواتەوە لەکاتی ڕۆژووگرتنی فەرز یان سوننەت؛ ئەوا با ڕۆژووەکەی تەواو بکات ونەیشکێنێت چونکە مەبەستی ڕۆژوو شکاندن نەبووە، بەڵکو ئەمە ڕزقێکە لە خواردن وخواردنەوە کە خودا پێی بەخشیووە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4525

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee